## تیکۆشه رانی سیاسی خه ڵکی بۆکان و ناوچەکە

## پرسیاری کاک تاهیر عەلیار و وەڵامی مامۆستا حەسەنی شیوەسەلی

کاک تاهیر عەلیار لە بواری نووسین و زانیاری کۆکردنەوە سەبارەت بە بۆکان و ناوچەکەی، گەلێک چالاک و لە عەینی کاتدا وردبینە. چەند هەفتەیەک پێش ئێستا دەقی وتارێکی کورت لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بڵاو بووەوە کە بە گوێرەی وتارەکە دەبێ کاک تاهیر داوخوازی لە مامۆستای بەڕێز جەنابی مەلا حەسەنی شیوەسەلی کردبێت بیرەوەری خۆی سەبارەت بەو کەسایەتییە سیاسییانەی وا لە ناوچەی بۆکاندا هەڵسووڕاوییان نواندووە ڕابگەیێنێت.

نەفسی دۆزینەوەی مامۆستا مەلا حەسەن و دواکاریی ئەو بابەتە گەلێک گرنگ و کارێکی کەم وێنەیە لەبەر ئەوەی مامۆستا خاوەنی ئەزموونێکی زۆری خەباتە و خەڵکانێکی زۆر دەناسێت کە لە ماوەی ڕاپەڕینی گەلەکەمان دژ بە هەردوو حکوومەتی داپڵۆسێنەری شا و مەلا و لەپێناو ئازادی و دیموکراسیدا خەباتیان کردووە. جا ئەگەر کەس تا ئێستا هەنگاوێکی لەم بوارەدا هەڵنەهێناوەتەوە، کەم تەرخەمی بووە و کاک تاهیر بە نوێنەرایەتی لە لایەن هەموومانەوە ئەو واجیبە کیفائیەی بەجێ هێناوە.

بە هۆی بارودۆخی تایبەتی مامۆستا مەلا حەسەن و ئەو ڕاستییەوە کە ئەو هەردوو چاو و دەستی لە ئەنجامی کردەوەیەکی تیرۆریستی مەلاکانی ئێرانەوە لە دەست داوە، ئاشکرایە ئەم کارە بە شێوەی نووسین لە گونجان نەهاتووە و مامۆستا لە جیاتی نووسین، بیرەوەرییەکانی خۆی لە سەر سێ ڤیدیۆ تۆمار کردوون کە ئێستا لە سەر یووتیووب دەست دەکەون. بە داخەوە ڤیدیۆی یەکەم تووشی گرفتی تەکنیکی هاتووە و تا ئەم دەقیقەیەی کە ئەم یادداشتانە دەنووسم ناتوانرێت گوێی بۆ ڕابگیرێت. هیوادارم کاک تاهیر چارەسەرێکی ئەو گرفتە بکات و بە هەرشێوەیەک بۆی بگونجێت بەشی یەکەمیش کە دەبێ بەشی گنگی کارەکە بێت بخاتە بەر دەستی خوێنەر و بیسەر.

من هیچ شتێکم نییە لەو زانیارییە گرنگانەی مامۆستا و کاری کاک تاهیری زیاد بکەم جگە لەوەی بخوازم کاک تاهیر قسەکانی مامۆستا بهێنێتە سەر کاغەز و بڵاویان بکاتەوە با ناوی ئەو سەربازە وونانەی خەباتی نەتەوایەتیمان زیندوو ڕابگیرێت و بگاتە نەوەکانی داهاتووش. لە ڕاستیدا من خۆم ناوی زۆرێک لە مەزن پیاوانەم نەبیستبوو و دەبێ زۆر خەڵکی دیکەش هەبن کە زانیارییان لە سەر ژیانی ئەو خەباتکارانە نەبێت.

سەد بریا قەڵەم بە دەستانی وەک مامۆستا سەلاحوددینی مەهتەدی و مامۆستا مەلە عومەری عەسری بە دوور ودرێژی لە سەر زیندانی جڵدیانی ئەو ساڵانە و زیندانی و زیندانبان و سەرلەشکر ئوەیسی و ژاندارمریی ژێر فەرمانی ئەو بنووسیایە. ئەوە بۆشاییەکی گەورە لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمانە و دەیان ساڵە چاوەڕێی پڕکردنەوەیە.

ئەوش بابەتەکەی مامۆستا مەلا حەسەن و کاک تاهیری عەلیار بە هەمان شێوە کە لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بڵاو بۆتەوە و بە هەمان کێشەی تەکنیکی بەشی یەکەمیەوە لە سەر یوتیووب:

**وتارێک لە سەر تیکۆشەرە سیاسییەکانی خە ڵکی بۆکان و ناوچەکە**

پارە کە داوام(تاهیر عەلیار) لە ڕێزدار کاک حەسەنی شیوەسەلی کرد وتارێک لە سەر ئەو تیکۆشەرە سیاسیانەی خە ڵکی بۆکان و ناوچەی بۆکان ئامادە بکا کە لە دەورانی تێکۆشانی سیاسی خۆی دا ناسیونی و لە نزیکەوە هە ڵسووکەوتی دەگەڵیان بوە، ئە ویش وەک هە میشە بە لوتفە وە داواکە ی قوبوول کرد وئە وکاسیتە ی پرکردۆتە وە کە لێرە دا پێشکە ش دە کرێ و دارمالی زانیاریو ئیتلاعاتە. هە روە ها هێندێک تێ بینیشی هە بوو کە بە نووسراوە ناردوویە تی و ئە وەش دەقی نووسراوەکەیەتی:

لە کاتی پر کردنە وەی ئە و بابە تە دا باسی چە ند کە سێکم کردبوو کە بە داخەوە لە سە ر کا سێتە کە پاک بۆتە وە، بۆیە بە نووسینی ئە و چە ند دێڕە ئە وکە مایە سیە پر دەکە مەوە.

1.لە گە ڵ مامۆستا جە میلی ئارام کە خە لکی ناوچە ی بۆکانە ساڵی 1342ی هە تاوی ئاشنا بووم . کە سێکی تێکۆشە ر، خاوە ن شە خسیە توو لە بنە ما ڵە یە کی موحتە رە می ناوچە ی بۆکان بوو.بە هۆی تێکۆشانی سیاسیە وە قاچاغ ببوو. هاتبوە شیوە سە ڵێ . لە وێ دە گە ڵێ ئاشنابوومووو دوای بە ربوونیشم لە زیندان هە ر پێوەندی گە رممان هە بوو.برایە کی بە نێوی عبدولائارام دواتر بوو بە ئە ندامی ڕێکخراوی خە باتوو لە ریزی تێکۆشە رانی ئە و رێکخراوە یە دا بە دەستی تاوانکارانی کۆماری ئیسلامی شە هید بوو. سە ید جە میلیش لە رووداوێکی نە خوازراودا بە هە ڵە بە دە ستی هێندێک کە سی ناشیو ناشارە زا بریندارکرا بە لام بە ختە وەرانە برینە کان سارێژ بوونە وە وئێستا ماوە و وەکوو ئینسانی پاکوو ئە ویندارى ئازادی کورد و سە ربە ستی کوردستان لە ریزی دلسۆزانی گە لە کە ماندایە.

2.مە لا محە مە د کوری مامۆستا مە لا وە هاب کە عالمێکی ناسراوی ناوچە ی بۆ کانوو موکریانە. لە سە رتێکۆشانی سیاسی قاچاغ ببوو.لە کوردستانی گە رمێن لە سوونێ دە گە ڵی ئاشنابووم. دە گە ل مە لا مە حموودی زە نگە نە بوو.

3.دوکتور جە عفە ری شە فیعی کە دە گە ڵ کاک عومەر ساکار لە تە ورێز دە یانخوێند و لە وێ دەگەڵی ئاشنا بووم و دۆستایە تیە کی زۆرمان هە بوو تا ئەو کاتەی کێشە کانی حزب و کۆمە ڵە دەستی پێکرد . کاتی کوژرانی هەرچەند هەردوکمان لە دوو رێکخراوی دژ بە یە کدا بووین بە لام بۆی بە داخ بووم وبە کوڵ بۆی گریام. ناوبراو خە ڵکی شاری بۆکان وکوری مە لا ئە بووبە کری شە فیعی و نە وەی مامۆستا مەلاحسامەدین عالمی گە ورە و شاعیری بە توانای شاری بۆکان و ناوچە ی موکریان و گە لی کورد بوو. یە ک دوو شیعری مامۆستا مە لا حسامەدینم لە بیرەکە لێرە پێشکە شی دە کە م:

لە وەسڵ و فەسڵی من ئیجاز و ئیطنابت مورەتتە ب کرد   لە ف و نە شرت موشەوەش بێ، ئەدی کوا مەیلی جارانت؟

یا دە ڵێ

لێوی لە علی جنێوی داوە بە من                رقی بنیادە مە، منیش گە ستم

حە سە ن شیوە سە ڵی

**بەشی یەکەم     بەشی دووهەم     بەشی سێهەم**